# له عێراقی دوای سەددام
# دەبێ دین و دەوڵەت جیا بن

مەهاباد قەرەداغی

**تیشکێک بۆ سەر بۆچوونەکانی د. مونزر ئەلفەزڵ**



د. مونزر ئەلفەزڵ:

- ***لادانی سەددام بە بێ شەڕ چێ نابێ.***
- ***ئەمریکا ئەمجارە بە ڕاستێتی، لە هەموو وردەکارییەکانی پلانەکە کۆڵیونەتەوە.***
- ***لە عێراقێکی نوێدا دین و دەوڵەت دەبێ لە یەکتر جیا بکرێنەوە.***

***

**چەند دێڕێک لە ناسنامەی د. مونزر ئەلفەزڵ:**

یەکێکە لە کەسایەتییە هەرە ناسراوەکانی عێراق. پرۆفیسۆری یاسای مەدەنی بووە لە زانکۆی بەغدا، زانکۆی ئوردن و ئێستاش ئەندامی دەستەی جێبەجێکارە لە ئەنستیتووتی عێراق بۆ کاروباری دوارۆژ Iraqi future Affairs institute[1]، ئەم ئەنستیتۆتە کار بۆ ڕێکخستنەوەی عێراقی پاش ڕژێمی سەددام حوسێن دەکات لە ڕووی ئیداری و ئابووری و یاسایی و سیاسییەوە.

د. ئەلفەزڵ، لە دایکبووی ساڵی 1950 ی شاری نەجەفە. ساڵی 1997 عێراقی بەجێهێشتووە و سێ ساڵ لە ئوردون ژیاوە و لە کۆتایی ساڵی 1999 یشەوە نیشتەجێی ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێدە[2].

ئەم هێژایە، یەکێک لەو ڕووناکبیر و ئەکادیمییە دەگمەنانەی عەرەبە کە دۆستایەتی خەڵکی کوردی کردووە و ڕاشکاوانە لە مافی کورد دەدوێ. ڕاشکاوانە باس لە کەرکووک و کوردستانیبونی دەکات. خواستی مرۆڤی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ خۆی بە ڕەوا دەزانێ و بۆ ئەم مەبەستەش هاوکاری دەکات و لە گفتوگۆ و وتووویژەکاندا لە هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندنەوە قسەی کردبێ، باوەڕی خۆی بەو چەشنەی مرۆڤی ئێمە بە ئاواتی دەخوازێ کە ڕووناکبیرانی عەرەب لە کێشەکەیان بگەن و هاوکاری بکەن، بۆچوونی خۆی ڕاشکاوانە دەربڕیووە.

سەبارەت بە بۆچوونەکانی د. مونزر ئەلفەزڵ لە سەر کورد لە ڕێگەی نووسینەکانیەوە و وتوویژەکانییەوە لە ڕاگەیاندنە کوردیەکانەوە، ناکرێ سەرپێیی باس بکرێ و بۆ ئەم مەبەستە ڕامان و لەسەروەستانێکی شایستە پێویستە. ئەو بۆچوونانەی هەنووکە مەبەستە لەم نووسینەدا بخرێنە ڕوو، سەبارەت بە هەڵوێست و ڕا و سەرنجەکانی ئەوە سەبارەت بە شەڕی عێراق و ئامادەکارییەکان بۆ ڕێکخستنەوەی وڵاتێ کە ڕژێمێکی دیکتاتۆر هەناسەی لەبەر بڕیووە. بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە بۆچوونەکانی خۆی کە لە هەندێ لە نووسینەکانیدا هاتووە

و، چەند جارێک قسەکردنم لەگەڵیدا ڕاستەوخۆ و بە تەلەفۆن[3]، هەروەها لەو وتووێژەی کە لە 19-2-2003دا لە ڕۆژنامەی (Nya Dagen)[4]ی سویدی بڵاوکراوەتەوە، وەرگیراوە.

**بە بێ شەڕ چێ نابێ:**

بە پێی ئەلفەزڵ، ***لابردنی ڕژێمی سەددام لەسەر حوکم بە بێ شەڕ چێ نابێ. ئەوە تەنها ڕێگەیەکە بۆ ڕووخاندنی حوکمی سەددام و چێکردنی دیموکراتی لە جێگەیدا.***

تەنانەت دوای خۆپیشاندانە چەندان ملیۆنییەکەی دنیا دژی شەڕ و خواستی بەشێکی زۆر لە خەڵک و لە وڵاتانی ئەوروپا وەک فەرەنسا و ئەڵمانیا و ڕووسیا، د. ئەلفەزڵ دەڵێ: ***شەڕێک لە دژی ڕژێمی سەددام هەر دەکرێت و، ئەمریکا ئەمجارە بە ڕاستێتی و هەموو ئامادەکاری و وردەکارییەکی بۆ ئەم ئەنجامدانی ئەم شەڕە کردووە. ئەمریکاییەکان بڕیاریان داوە و پێش تەواوبوونی مانگی فێبریوەری هێرش دەست پێ دەکات.***

بە پێی ئەلفەزڵ پرۆگرامی ئامادەکراو بۆ چۆنێتی دەستبەجێ کارکردن بۆ وەگەڕخستنەوەی کارەبا و ئاوی بەغدا لە دوای کەوتنی چێکراوە. هەروەها چۆنێتی بەڕێوەبردنێکی دیموکراتیانە و دەستووردانان و ڕێکخستنەوەی وڵات دوای بەڕێوەبردنێکی بێڕەحمانەی دەیانساڵەی دیکتاتۆرێک، ئامادەکراوە. کە ئەلفەزڵ خۆی یەکێکە لە بەشدارانی ئەو پلانانە و ئێستا لەو ئەنستیتوتەدا کە سەرەتا ئاماژەی پێکرا، کاری بۆ دەکەن.

***جیاکردنەوەی دین و دەوڵەت:***

یەکێک لە ئەرکە هەرە سەخت و دژوارەکانی ئەم قۆناغەی کە خەڵکی عێراقی پێدا تێدەپەڕێ، چۆنێتی بەڕێوەبردنی عێراقی پاش ڕژێمی سەددامە بە شێوازێکی دیموکراسی و دانانی بناغەی نوێ بۆ دەستوور و بۆ مافی مرۆڤ و مافی ژن و مافە مەدەنییەکانی هاوڵاتی. هەموو دەزانین کە ئێستا نۆرم و نرخاندنەکانی ئایینی ئیسلام بناغەی یاساکانی کەسایەتین لە عێراقدا، گومانی تێدا نییە لە عێراقێکی نوێدا دەبێ ئەم بناغەیەش نوێ بێ و لەسەر ئەو نۆرم و نرخاندنانە بنیات بنرێت کە بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ و مافی ژن و مافی منداڵیان لەسەر داڕێژراوە.

د. مونزر ئەلفەزڵ، بە ئاشکرا سەبارەت بە پەیوەندی نێوان دین و دەوڵەت دەڵێت: ***لە عێراقی نوێدا دەبێ دین و دەوڵەت جیا بن لەیەکتری.*** ئەلفەزڵ ئەم پێشنیارەی لە کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیشدا لە لەندەن خستۆتە ڕوو، بەڵام بەداخەوە پشتیوانێکی ئەوتۆی نەبووە، تەنانەت ئەو حیزبانەش کە خۆیان بە سیکۆلار دەزانن پشتیوانی ئەم پێشنیارەیان نەکردبوو، وەک بینیمان لە بەیانی کۆتایی کۆبوونەوەکەدا ئەو خاڵە بە زەقی هاتووە کە ئایینی ئیسلام ئایینی ڕەسمی دەوڵەتە و بناغەی یاسادانانە. بەو هیوایەی لە کۆبوونەوەی دووەمی ئۆپۆزیسیۆندا ئەم پێشنیارە برەو پەیدا بکات و پشتیوانی هەبێ. ئەم پێشنیارە لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ گەلانی عێراق بە گشتی پڕ بایەخە و، هیچ گومانی تێدا نییە بۆ ژنان بە تایبەتی بایەخدارە، کە ئیدی لە سایەی ئەو یاسایانەدا کە بە نیومرۆڤیان دادەنێت دەرباز دەبن.





ئەلفەزڵ دەبێژێ: ***ئیسلامە فوندەمەنتالیستەکان قایل نابن بەوەی کە من پێشنیاری دەکەم و دەخوازم پەیماننامەی مافی مرۆڤ ببێتە بناغە بۆ یاساکان، ئەوان دەیانەوێت شەریعە بناغەی یاسادانان بێت.***

دیارە تەنها ئەو گرووپانە نین کە بەرهەڵستی داخوازیەکی لەو جۆرە بکەن. ئەگەر ڕووناکبیران و ڕێکخراوە پیشەییەکان و حیزبە (بەناو) عەلمانیەکان پشتگیری لەو داوایە بکەن، ئەوە دەبێت بە داخوازی زۆربە و جێدەگرێ. کە ئەم داخوازییەش جێبگرێت بناغەیەکی ڕیالیتی بۆ کۆمەڵگەی سیڤیل لەو دەڤەرەدا چێ دەبێت. بە بێ جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت، مەحاڵە کۆمەڵگەی سیڤیل پێک بێت.

**هاوکاری ئەمریکا بایەخدارە:**

ئەلفەزڵ پێی وا نییە ئەمریکییەکان ئەمجارە گەلانی عێراق بێهیوا بکەن، وەک لە ساڵی 1991 دا کردیان و هانی کورد و شیعەکانی عێراقیان دا بۆ ڕاپەڕین و پاشان پشتیوانییان نەکردن و ڕژێمی عێراق تۆڵەی لێ کردنەوە. بە پێی ئەلفەزڵ: ***ئەمریکا ئەمجارە بەڕاستێتی، لە هەموو وردەکارییەکانی پلانەکە کۆڵیونەتەوە و ئامادەکاری بۆ کردووە.***

بە پێی ئەلفەزڵ، بە بێ هاوکاری ئەمریکا لابردنی ڕژێمی سەددام چێ نابێ. جۆری ژیان و نەشونمای سەددام بووەتە هۆی ئەوەی قێزەوەنترین دیکتاتۆری ئەم چەرخەی لێ پێکبێت.

***سەددام وەکو سادیستێک پەروەردە بووە، ئەو بە تەواوی بە دەسەڵاتەوە بەستراوەتەوە و مەحاڵە تەسلیم بێت. ئەو خۆی دەکوژێ، یان دەکوژرێ، بەڵام ئەوەی خۆی بدا بە دەستەوە یان لە ئێکزیل بژی، مەحاڵە.***

ئەلفەزڵ وای بۆ دەچێ، ئەمریکا دەستێوەردانێکی جیهانی عەرەبی بە پێویست بزانێ و گۆڕینی ڕژێمی عێراق تەنها هەنگاوی یەکەمی ئەو گۆڕانکارییانەیە و پێدەچێ دوای ئەو نۆرەی سوریا و عەرەبی سعودی و وڵاتی تریش بێت.



---

[1] بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەم ئەنستیتوتە بڕوانە: http://www.iraqiaffairs.org/

[2] بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە پلەی زانستی و یاسایی د.ئەلفەزڵ دەتوانی بڕوانیتە: http://home.bip.net/alfadhal/

[3] ئەو بینین و قسەکردنانەی بە تەلەفۆن لەگەڵ د.ئەلفەزڵ کردوومن بۆ مەبەستی چاوپێکەوتن و بڵاوکردنەوە نەبوون، بەڵکە تەنها بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا بوون. زۆر لەو بۆچوونانە لە وتووێژەکانی خۆیدا لە ڕێگەی ڕاگەیاندنیشەوە دەربڕیوە، بۆیە من تەنها ئاماژە بەو لایەنانەی قسەکانی دەدەم.

[4] ئەم ڕۆژنامەیە، لە کۆمۆنی ڤێلینبوی چاپ و بڵاو دەبێتەوە. چاوپێکەوتنەکە هەفتەیەک پێشتر کراوە و، لە 19-2-2003 دا بڵاوکراوەتەوە. ڕۆژنامەوانەکە ناوی: ( یەنس نۆردکڤیست)ە.

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 2003-1-15